نامەیەک بۆ بەهەشت!

باران

خەیاڵاندنی بەڕێکەوتنم بەرەو بەهەشت وەختە شامەرگم بکات، هەروەك کیژێکی بچکۆلەی عەیار ئەتریقێمەوەو لە پڕیی چاوەکانم بە نوور، بایەمی تیشك لە کەنارو ناوەندی دیەم ئەرشێو گیربوونی هەر نیگایەکی ڕۆح لە بەری بەردی شا ئەکات، بەرجەستەکردنەوەی بۆنو بەرکەوتنەکانی، نوقمی دەریایەك لە نهێنی عەجولو گەردونێك عەشقم دەکات. ئیدی بە هەر چوار ئاراستەکەدا ئەکەومە چرپەو هاوارو بە نیازی ئەوەی بمبیستێ چەندین جار بۆی دووپات ئەکەمەوە، لە پێناو ئەوەدا کە بە تۆ بگەم، هەموو شتێك ئەکەم، هەموو شتێك !

من بە بیرم نایەت سێوێکم بە دزیەوە خواردبێو شوتیشم نەبرد بە شەرتی چەقۆ، کەچی ئەوەندەم لە بیرە دوور دوور پەڕیمەوە دەرێی تۆ! شەوانێکی زۆر بۆت گریام، چەنەها ڕۆژو ساڵ بەدواتا گەڕام، وەلێ نەسۆراختم زانیو نە بەرامبەر ئەو تاوانەش بینیمەوە ، من هەر ئەوەندەم لە بیرە سوێم بۆوە بە بی تۆ!

بیرت ئەکەم، بەقەد هەمو ئەو جوانیانەی لەسەر بەهەشت بیستوومانە! خۆشم ئەوێی، بە ئەندازەی پڕ مانای بوونت، هێندەی نزیکی برژانگەکانم کاتێ بۆ بیرکردنەوە لە تۆ لێکیان ئەنێم! من دەهرێکە لە تۆ جیامو لە نادیاریتا بە دوای خۆشمدا وێڵم، بە ڕۆحو جەستەشمەوە دەم نادەمێ قۆڵ لە قۆڵی یادەکانتا پیاسەی ئێوارەیەکی لێڵم.

ئازیزم ئەشی تەمەن لەوە کورتربێ کە بەشادبوونەوەت ڕابگەم. ژیانیش لەوە بێ نرختر نابی کە من دوور لە تۆ تیایا هەڵبکەم. خەسڵەتێکی مرۆڤ، لەبیرچوونەوەیە، ڕاستە، من تا گومرابوون بروای پێئەکەم، بەڵام ساتێك لەیادکردنی تۆ درۆیە، ئەتوانم بێگومانت بکەم!

هەنووکە، ڕەنگە گرنگ نەبێ باسی ڕابردووت بۆ بکەم هەموو جووڵەو سووتانە پەپولە ئاساکانت لە خۆما هەڵئەگرم، دڵەڕاوکێو بەسەربردنی زەمەنێك لەمێردەزمەدا هەر بە خۆم ئەبڕم. نا باس لەوە ناکەم کە ڕۆیو ئەشمویست داستانی خاڵیبوونەوەی دارستانو پڕبوونی دارمێوەکانت بۆ بنووسمەوە، گەرەکم بوو گشت ئەگەرێکی داهاتووت لەم دێڕانەدا بۆ چڕکەمەوە، هێشوو هێشوو ڕەزی بیرەوەریمت پی ئەزبەر کەمو خوڕ خوڕ ئێستامت بۆ بهۆنمەوە..

بڵێ چی؟ دوێنی شەو لەخەومدا تۆ دوو کەس بوویت، منالیت هەر لەگەڵ مندا سەرگەرمی ڕەهاکردنی ڕازو یاریکردن بوو! گەورەیشت چەند هەنگاوی لەولاترەوە، بەهۆی سەرقالیو جەنجالی ژیانەوە تەنیا منی لەخەیاڵدا نەبوو! کە بەخەبەر هاتم دڵم زۆر تەنگ بوو، دەپرسم بۆ ئەبێت هەموو دەم شتگەلێ بکەینە قوربانی کۆمەڵی شتی دی، بۆ نابێ سەرجەمی مافەکان بڵند ڕابگرین، ئەبێ حیکمەتی خاترگرتنو پاراستنی لایەنێك لەچیدا بێت، کاتێك ئازایەتی سەرتاو کۆتایی ئەو مانەوەیە، لەسەر بناغەی پشتگوێخستن یان کەوتنو ووردبوونی لایەنێکی تر بێ!؟

(تۆ)م، بەدیقەت بڕوانە چواردەورەکەت، گوێبیستی دوورتر بەو دواجار تەنیا بە ناخی خۆتا ڕۆبچۆ، گرنگە بتوانین خۆمان بین، پێویستە بێ سڵکردنەوە بەتەواوی باوەڕەوە کام هەڵدێرە سەختە بیگرین، ترسمان لە خزانو تێکشکان نەبێ، لە هەوڵدان ئۆقرەمان نەبڕیو ئامادەی چەندجار دەتستپێکردنەوە بین!

چاوەکانم، لە ئێستامدا ئەوەندە نزیك هەستت پێئەکەم هەر ئەڵێی لەسەر جۆلانە سپیەکەی حەوشەکەی خۆتانینو لەگەڵ گوژمدانو بە سروشتدانی ئەو خەمانەی کە لەناخماندا دە هێندەی تەمەنو بالامان بوو، بۆت ئەدوێم، لەناکاو نیگام لەسەر ڕەنگی لەپڕپەڕیوت جێگیر ئەبێ، گڵێنەم توێ توێ ئاو ئەیباو بە پرتاو خۆم ئەخەمە باوەشتەوە. بیر لەوە ئەکەمەوە کە نازانم بۆچی هەمیشە خەمی ئەوەم بوو لە دەرسی کیمیادا تۆش ببیتە گەردیلەی پەرشبووی ناو هەواو چیدی بۆم کۆنەبیتەوە! زۆر ئەترسام ئەگەر لەدەمی چوونماندا بۆ نانەواخانەی (ئەمین) تووند کەمەرت نەگرم، ببیتە مشتێ ئارد بە دەستمەوە! لەو ڕۆژەوەشی مامۆستای ئایین شایتمانی فێرکردینو پێی ووتین کە ئەبیچ هەمو شەوێ بەر لە نووستن بیخوێنین، من خەوم نەمابوو، چونکە بە درێژایی شەو شایەتمانم ئەخوێند لە جیاتی تۆ، دایکمو باوکم خوشکو براکانم، هەموو هاوڕێ هەموو خزم، هەموو کوردو هەموو جیهانیش، نەکا نوستبنو لە بیرتان کردبێ!! هاوری گیان، هەنوکەش زۆرێك لەو دڵەڕاوکێیانە لە خۆمدا بەدی ئەکەم، بەتەنیا بووکە پەڕۆیینەکەی منالیشم ئەزانێ کە بە ژمارەی ئەو هەناسانەی لە دووری تۆ داومە، بیرت ئەکەم، تەنیا ئەزانێ چونکە تا ئێستا ماومە، شەوێك ئەیکەمە تۆ، شەوێك کێو کێو کێی تر تا بەرەبەیان باسی بۆ ئەکەم!

من نازانم تۆ لە کوێیتو نامەت بۆ ئەنووسم، نازانم لەگەڵ کێیتو تەنها دێیتە هەستم خواستمە باش بیتو ئەگەر ئێستا بووبیتە دایکی کۆرپە، پڕ خۆشەویستیم پیرۆزباییت لێ ئەکەم!

بەهەشت محەمەد ساڵح
بەدواتا ئەگەڕێم

لە سایتی خۆزگەوە

ئەمنییەتی ژنان لە شارەکاندا

شارەکان ئاوێنەی هەڵاوارن دژی ژنان

و/ ئازاد بەهین

ژیانی ژنان لە شارەکاندا بەردەوام لە ژێر کاریگەری نەبوونی ئەمنییەتی شارێکی ڕاستەقینەدایە وئەم کارە لەمپەرێکیترە بۆ ژنان کە نەتوانن شارۆمەندانی چالاکی هەمە لایەنە بن. شارەکان لە بواری ئەمنییەتەوە ڕاکێشەرێکیان بۆ ژنان نییە و ئەوان لە کاتی دودڵی لە ئاستی شاردا ئەمنیەتی گیانی و ڕۆحی پێویستیان نییە کە ئەم کارە بە تایبەت لە بواری ڕاگواستن و جێ گۆڕین لە شاردا زۆرتر ئاشکرا دەبێ.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە لایەن هوما زەنجانی زادە، ئەندامی دەستەی زانستی زانکۆی فەردەوسی مەشهەد لە بواری توێژینەوەی هەلومەرجی ژنان و ئەمنییەتی شاری لە شاری مەشهەددا ئەنجام دراوە، نیشان دراوە کە زیاتر لە نیوەی ژنانی ئەو شارە کاتی هاتوچۆ و چالاکی لە ئاستی شاردا هەست بە نائەمنییەتی زۆر دەکەن کە ئەم هەستە لەو ژنانەدا کە ئەزموونی نائەمنیان هەبووە، زۆرتر بووە. لە ئاکامی گەڵاڵەی هەڵسەنگاندی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ژنانی وڵاتیش کە لە لایەن ناوەندی کاروباری بەشداری ژنانی سەرکۆمارەوە ئەنجام دراوە، یەکێك لە سەروترین مەسەلە و کێشەکانی ژنان کەمبوونی ئەمنییەتە و ئەم مەسەلەیە لە ریزی یەکەمین کەڵکەڵەکانی ژناندایە.

توێژنەوە کراوەکان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیی گەنجانەوە سەبارەت بە ئەمنییەتی ڕەوانی کۆمەڵایەتی ژنانی گەنجی ١٨ تا ٢٩ ساڵی شاری تارانیش نیشان دەدا کە تەنیا ژمارەیەکی کەمیان هەست بە ئەمنییەت دەکەن.

هەلومەرجێکی وەکوو ترس لە ئامادە بوون لە سەحاتی کۆتایی شەودا، ترس لە تەنیا مانەوە لە شوێن گەلێکی وەکوو پارکدا، ترس لە شۆفیرانی ماشێنە (سەیارە) شەخسییەکان یان قسە کردن لە گەڵ پیاوانی نەناسراو بۆ ئەم دەستە ژنانە ئەزموون گەلێکی نامۆی هەبووە کە لە بیستن یان وەبیرهێنانەوەی ئەو ساتانە، هەستێکی خراپیان دەبێ. ئەو دەردیسەرانەی کە ئەم ژنە گەنجە ١٨ تا ٢٩ ساڵانە باسیان کردن لە پێنج بابەتی "گوتەیی"، "فیزیکی" (بریتی لە جنسی و بە هۆکاری تاوان و جینایەت)، "بە ماشێن ترساندن"، "لە ژێر چاودێری بوونی کەسانیتر"، و "گاڵتە پێکردن" بووە و موزاحیمەتە گوتەییەکان بریتی لە مەتەڵەك و بیستنی قسە ناحەزەکان، لە گەڵ پێشنیار و یان داواکاری ناماقوڵانە بەرەوڕوبوون و بە موزاحیمی تەلەفوونی ناویان بردن. ئەو ژنانە هەست کردن بە نائەمنی خۆیان لە سەرچاوەی ئەو موزاحیمانەوە دەژانن کە لە کۆمەڵگادا لە بەرانبەر ئەواندا پێك دێ و کۆمەڵگا بێ جیاوازی لە لای ئەوان تێدەپەڕێ. بە بۆچوونی ئەوان سەرنج نەدان بە بەراوردی دابرو درێژەدار لە گەڵ دیاردەی ژنان و پیاوانی سەرشەقام ئەمنییەت لە شوێنە گشتییەکان و شوێنی کاردا لە ناو دەبات.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئامار و ژمارەیەکی دروست لە ئازار و دەردەکانی سەرشەقام سەبارەت بە ژنان نییە، بەڵام ئێمە هەموو ڕۆژێ لە شەقامە سەرکییەکان و شەقامە قەرەباڵغییەکانی شاردا شایدی ئەتکی ڕێز و حورمەتی لەفزین بە تایبەت لە بەرانبەر ژنانداە کە دەبێتە هۆی نەبوونی ئەمنییەتی ڕەوانی و کۆمەڵایەتی ژنان.

لە ئێستادا ژنان لە هەر چین و توێژێك و بە هەر چەشنە جل وبەرگ و ئارایشتێکەوە کە لە ئاستی شاردا دەرکەون، لە بواری گواستنەوە و جێ گۆڕین لە شاردا بەرەوڕووی کێشەگەلێك دەبنەوە کە ئەم مەسەلەیە، هەم ژنانی خاوەن کەرەسەی ڕاگوازتن و هەم ژنانی کەڵك وەرگر لە کەرەسەی ڕاگواستنی شاری و گشتی دەگرێتەوە و هەر ئەم هەستی نەبوونی ئەمنییەتە، ئامادە بوونی ژنان لە شارەکان لە ڕۆڵی شارۆمەندی چالاکدا لەگەڵ کێشە و گرفت بەرەو ڕوو کردووە و بووەتە هۆی جیایی زیاتری بواری گشتی و تایبەتی و سنووردارتر بوونی ژنان بە بواری تایبەتی.

ئەمە لە کاتێکدایە کە کۆمەڵگای ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە ڕابردوو شاری دەبێتەوە. (زیاتر لە ٦٠%ی ئاپۆرەی ئێران شارنشینە) هەر بۆیە دەبێ سەرنج بدرێتە ئەم مەسەلەیە کە شارۆمەندان نە تەنیا تایبەتمەندی سونی و چینایەتی جیاوازیان هەیە، بەڵکو لە هەموو گرینگتر جیاوازی جنسیەتیان هەیە کە هیچ کاتێ لە بەر سەرنجی بەرنامە داڕێژەران نەبووە. کەواتە بە ئامادە بوونی ڕۆژ لە داوی ڕۆژ زیاد بوونی ژنان لە شاردا و بەشداریان لە چالاکییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەکاندا پێویستییەکانی ڕۆژانەیان کە هەست کردن بە ئەمنییەت لە شوێنی شار و هاتوچۆکانی شاریدا گرینگترینیانە، دەبێ بکەوێتە بەر سەرنجی بەرنامە داڕێژەرانی شار.

ئەمنییەت ڕەهەند گەلێکی جۆراوجۆری هەیە: بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی مەبەستە، ئەمنییەتی مرۆییە کە هەڵگری ماف و ئەمنییەتی تاکەکەسی، دارایی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە. ئەمنییەتی مرۆیی دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندی لانی کەمی (بەس بوون) کە تێیدا تاکەکانی کۆمەڵ دەتوانن بژیو و مانەوەی خۆیان دابین و مسۆگەر بکەن و ڕەهەندی بەرزبوونەوەیی (ئاسوودەیی) کە تێیدا خەڵك دەتوانن هەستی پۆزەتیڤ و ئاسایش و ئارامی لە ژیاندا و ئەمنییەتی ڕەوانی_ کۆمەڵایەتیان هەبێ، بەڵام لەم نێوەدا ئەمنییەتی تاکەکەسی لە ئەمنییەتە مرۆڤایەتییەکانیتر زیاتر بۆ خەڵك گرینگە. ئەمنییەتی تاکەکەسی لە کۆمەڵگادا کاتێك بەرهەم دێ کە تەواوی شارۆمەندان دەرەجەگەلێك لە چاکبوونەوەی کۆمەڵایەتی ئەزموون بکەن و دابین کردن و پشتیوانی کۆمەڵایەتی و دەست ڕاگەیشتن بە کەرەسەی فێرکاری، ڕەفاهی، بەشداری کۆمەڵایەتی، و مافی شارۆمەندی تەواو بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لە فەزایەکی بێ هەڵاواردن و جیاوازیدا شیاوی بەرهەم هێنان بێ. (گیدێنز ١٣٧٧)

لە ڕاستیدا هەست کردن بە نەبوونی ئەمنییەت لە کۆمەڵگایەکدا دەتوانێ پەیڕەوکردن گەلێکی بەربڵاوی هەبێ. نەبوونی متمانە یان هەستی نیگەرانی لە بەرانبەر شتەکان و مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا، دەبێتە هۆی ڕەفتارە تایبەتییەکانی خۆڵادانیش. خەڵك ئەگەر بتوانن ناوچە نائەمنەکان بە جێ دێڵن. تێکدان و بێ نەزمی هەسار نەکراو بە شارۆمەندان نیشان دەدا کە ئەو ناوچەیە نائەمنە. شارۆمەندانی ترساو خۆیان لە شەقامەکان دوورە پەرێز دەگرن، لە ناوچە تایبەتەکان دوور دەگرن و چالاکییە ئاساییەکانیان و پەیوەندییەکانیان سنووردار دەکەنەوە. هەر بەو جۆرەی کە بە شێوەیەکی فیزیکی خۆلادەدەن، لە ڕۆڵەکانی پشتیوانی و لایەنگری بەرامبەری لە گەڵ هاووڵاتیانی خۆشیاندا دوور دەگرن و بەم جۆرە کۆنترڵە کۆمەڵایەتییەکان ڕەها دەکەن کە لە پێشووتردا یارمەتی بە پاراستنی ئەمنییەت دەکرد لە کۆمەڵەی ناوچەیی‌دا. (گیدێنز ١٣٧٨).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕوون کردنەوانە دەکرێ بوترێ کە هەست کردن بە ئەمنیەتی تاکەکەسی بریتییە لەوەی کە شارۆمەندان بتوانن بە ئاسانی جێ بگۆڕن. لە گەڵ هاووڵاتیانی خۆیاندا پەیوەندی بگرن، چالاکی کۆمەڵایەتی بکەن، بە بێ ئەوەی کە هەڕەشەیان لێبکرێ یان لەگەڵ توندوتیژی و ئازاری گیانی و ڕۆحی یان نابەرابەرییە جنسییەکان بەرەوڕوو بن.

لەم نێوەدا هەلومەرجی قبوڵکردنی کۆمەڵگای تایبەت و پێگە لە پێشدا پێناسەکراوی ژێر دەستی بۆ ژنان، لە هەست کردن بە بێ متمانەیی و نائەمنی زیاتر لە بەرانبەر پیاواندا لێهاتووتریان دەکا. یاسا گەلێکی زۆر لە وڵاتەکەماندا ئەم لێکدانەوەیە پەسەند دەکا. لە گەڵاڵەی توێژینەوەی بەشداری کۆمەڵایەتی ژناندا کە بە ئەندازەی یەك هەزار و ٤٧٧ کەس لە ئاستی شاری تاراندا ئەنجام دراوە، پرسیار لە وەڵامدەران کرا بوو کە "لە بواری گشتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا تا چەندە هەست بە ئەمنییەت و دڵنیایی نیسبەت بە ڕوانگەکان و هەڵسووکەوتە ئەگەرییەکانی پیاوان دەکەن"؟ لەو پرسیارانەدا سەبارەت بە ١٥ خاڵی ناوبراو، خوارترین میانگینەکان سەبارەت بە "کاتی هاتووچۆ لە کۆڵانە چۆڵەکاندا" و دواتر سەبارەت بە "کاتی هاتووچۆ لە شەقامە قەرەباڵغەکاندا" و "لە چاو ئەو کەسانەی کە بە مەبەستی جێبەجێ کردنی خەدەمات و چاککردنی فەنی و... سەردانی ماڵ دەکەن" نیشان دەدا.

لە بەرامبەردا، سەروترین میانگینەکان لە هەمبەر هەست کردن بە ئەمنییەت لە مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا سەبارەت بە "لە کەرەسەکانی گواستنەوەی گشتی‌دا (وەکوو ئوتوبووس، تاکسی و ...) لە ئەنجوومەنە زانستی و فەرهەنگییەکاندا"، و "لە ئەنجومەنی ئیسلامی دایە". تەنانەت لەم خاڵانەدا ئەو میانگینە لە ئاستی ٣/٥١ (لەمابەینی ٠ تا ٥) سەروتر نارۆا کە لە ڕاستی‌دا بە واتای ئاستێکی مام ناوەندی لە هەست کردنە بە ئەمنییەت.

هەر بۆیە ئەم ئاستە لە هەست کردنی ئەمنییەت، تەنیا هەلومەرجی نابەرابەر و ژێر دەستی ژنان لە پێگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا بەرهەم دێنێتەوە و گۆڕینی ئەم هەلومەرجە و ئامادە بوونی ژنان لە بەستێنی شار و چالاکییە گشتییەکاندا پێویستی بە زیاد کردنی هەست کردن بە ئەمنییەتی ئەوانە.

چۆڵ

سەرهەنگ خامۆش

بوکی ئەنفال

چی لە ئاوازی
نەغمەی مەرگ
بەجۆشترە
چی لە پێکی
ئازارەکان
گوناهترە...
دە هەڵسەوە
وا ئاڵا بەڕووی خاکدا
پێدەکەنێ
خۆرشمشاڵی
بۆ ئاسۆ دەژەنێ
هەڵسە و لە چەکی
خەم
لە ڕووی بێ تەلقینت
کەوە
فرمێسکە مرواریەکانت
بسڕەوە....
وا دەهۆڵی
ئەنفالچیەکان
ئەم ناوەیان کاس
کردوەو
ئاهو نوزەی
منالانی بێ نازی
باوك
گوێچکەی زەمینیان
سڕکردووە
هەنسکی دایکانی
شەهیدان
سەردولکەی حەز
دەهۆننەوە....
دەتۆش هەڵسە
هۆ کچە ئەنفالە
جوانەکەم
ئەلقەی مەرگت
لە دەست کەوە...!